*** لە سپێدەی نۆی نیسانی ٢٠٠٣ دا پێش ئەوەی بێیتە دەر، بیرت لە چی دەکردەوە؟**

ئەبو تەحسین: بە وردی چاودێری ڕووداوەکانم دەکرد و تەماشای ئەو پیاوە جل زەیتونییانەم (پیاوەکانی سەددام) دەکرد، کە گوایە بەرگری دەکەن، کە چۆن وەکو ڕەشەبای مردوویان لێ هاتبوو و هەر یەکەی بەلایەکدا کەوتبوون.

*** چ هەواڵێک وای لێکردی لە ماڵ بێیتە دەرەوە؟**

ئەبو تەحسین: دەستبەسەرداگرتنی فرۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی.

*** ئەو وێنەیەی (سەددام)ت چۆن دەسکەوت و لە کوێت هێنا؟**

ئەبو تەحسین: ئەو وێنەیە لە پێش لیژنەی ئۆلۆمپی وەرزشی هەڵواسرا بوو، وێنەیەکی سەرنجڕاکێش بوو، بەهۆی گەورەییەکەی و گونجاو بوو بۆ لێدانی بە نەعل.

*** ئەو نەعلەت لە کوێ پەیدا کرد، ئێستا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەی؟**

ئەبو تەحسین: چەند مانگێک پێش ڕووخان، لە بازاڕ کڕیم، مارکەکەی سورياییە، ئێستا دوای ئەو ڕووداوە، خۆشەویستە لام و بە پاک و خاوێنی و ڕێک هەڵمگرتووە، بۆ هەر چاوپێکەوتنێکی میدیایی لەگەڵ خۆمی دەبەم.

*** ئاگادارین، کە پارەیەکی باشیان بە نەعلەکەت داوە و ڕەتت کردۆتەوە، بەنیازی لە داهاتوو چی لە نەعلەکەت بکەیت؟**

ئەبو تەحسین: زۆر کەس پارەیان بەرانبەر ئەو نەعلە پێشکێش کردووم، بەتایبەت خێزانێکی کوێتی بە بەهای سەد و پەنجا هەزار دۆلار، بەڵام هەموویانم ڕەتکردۆتەوە، چونکە ئەو نەعلە ئێستا موڵک و کولتوری گەلانی عێراقە و بیریشم لەوە کردۆتەوە، کە نەعلەکە لە مۆزەخانەی هەڵەبجەی شەهید دابنێم، چونکە کاتی خۆی (سەددام) چەکی کیمیایی دژی ئەم شارە بەکارهێناوە.

*** ئایا جارێکی تر، نەعل بە ڕووی کەسی تر بەکاردەهێنی؟**

ئەبو تەحسین: بەڵێ دژی ئەوانە بەکاریدێنم، کە ڕێز لە دەستوور و یاسا و میللەت ناگرن و ئەوانەشی کە گەندەڵی بۆتە پیشەیان.

*** پێشتر چۆن دەژیای و ئێستا خەریکی چی؟**

ئەبو تەحسین: کاسپیم دەکرد بۆ خێزانێک کە پێنج کچ و چوار کوڕم هەبوو، کرێچیش بووم، ژیانێکی کوڵەمەرگی دەژیام. ئێستا لە دەرەوەی بەغدا دەژیم، لە میوانداری دەسەڵاتی کوردی خەباتگێڕ و بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کەناڵێکی عێراقیم.

*** ئایا تۆ ئینتمات بۆ هیچ پارتێکی سیاسیی هەبوو؟**

ئەبو تەحسین: بەڵێ من ئینتمام بۆ حیزبی شیوعی هەبوو و لەسەر پەروەردە و پرنسیپەکانی ئەو حیزبە ژیاوم.

*** چۆن وەڵامی ئەوانە دەدەیەوە، کە دژی ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن بوون؟**

ئەبو تەحسین: کەس دژی ڕووخانی ئەو ڕژێمە نەبوو، جگە لە موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیا.

*** حەزت دەکرد بە ڕاستەقینەیی بە نەعل لە سەددامت دابوایە؟**

ئەبو تەحسین: بەڵێ، بەڵام لەو کاتەی لە هێزی خۆیدا بوو، نەک کاتێ کە گرتیان، چونکە ئەوکات هەڵوێستی بێهێز بوو و ئەو کارەش لەگەڵ دیسپلینی من ناگونجێت.

*** چۆن تەماشای عێراقی دوای نۆی نیسان دەکەی؟**

ئەبو تەحسین: ئێستا وڵاتێک دەبینم کە لەسەر بنەمای دیموکراتی و دەستوور و ئازادی بنیات نراوە، هیوادارم پاشماوەکانی پیاوەکانی ئەو ڕژێمە ئەوانەی تا ئێستا ماون، ئەوانیش لەناو ببرێن، ئەوا باشتریش دەبێت. چونکە خۆتان دەزانن، ئەو تاشەبەردەی کە لە نۆی نیسان هەڵتەکێنرا، ژێری پڕ بوو لە کارەسات، کە زۆربەمان هەستمان پێ نەدەکرد. بەڵام وا خەریکە یەک یەک چارەسەریان دەکەین.